# فـــيـــراق

★ كاوەی خەسرەوكاوانی ★



تۆش وەك ئەو پەڕە سێلكانەی
هێلانەيان لەسەردەرگای ژوورەكەما چێ كردبوو
لەشەقەی باڵی خۆت دەدەی
دەڕۆيی ومن بەجێ دێڵی ,
بەگاسنی خەمەكانی
جيابوونەو بۆ يەك نابين
بەياری دڵم دەكێڵی ,
ئارەزووم بوو پێش ئەوساتەی
تۆ كۆچە مەرگم لێ بكەی
پێش تۆكەوم
من بەمەرگ كۆچت لێ بكەم,
ئارەزووم بوو پێش دواساتی ماڵئاوايی
من بە ووشەی ماڵئاوايی
ژين بەرەو مەرگ بەرێ بكەم.
چی وەك خەزانی پاييزيی
جيابوونەوە و لێك دابڕان ,
سەرتاپای ناخ دەسوتنێنێ و
دەمانخاتە قوڵپی گريان,
وام دەزانی
دەستپێكی خۆشەويستی تۆ و
دواساتەكانی كۆتايی
لەيەك دەچن
چۆن وەك بەسادەيی هاتی
بە سادەيش دێيت و دەڕۆی ,
نەم دەزانی نيشتمانێك
لەخەمێكی ئيگجارمەزن جیً دەهێڵی و
وەك ئاگرپووشی رۆح دەخۆی,
ئەگەربڵێم خەمی تۆمە لەخەم زياتر,
ئەگەربڵێم ماڵئاوايت سووتانەكەی
بەهێزترە لە سووتانی گڕی ئاگر,
ئەگەربڵێم خۆشەويستيت
لە فراوانی زەرياكانيش دوورترە
ئەگەربڵێم خۆشوويستنم

لەمەوداکانی خەیاڵ بێ سنوورترە

هێشتا کەمە

چیت پێ بڵێم

چی بنووسم بۆ فیراقێك

زۆرنەماوە

بمکوژێت و

بەزۆرکۆتایم پێ بێنێ

زۆرنەماوە

لەنیوەی رێ بەجێم بێڵێ و

بەبێ وویست دوایم پێ بێنێ .

2007/6/2تا/5/15